### ڕازی شنێشل تایبەت بە گوڵان

# هیچ یاریزانێک شوێنی لە هەڵبژاردەی عێراق مسۆگەر نییە

بەشی یەکەم

**ڕازی شنێشل یەکێك بوو لە یاریزانە هەر بە تواناکانی عێراق کە ساڵانێکی زۆر لە هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکرد و خزمەتێکی بەرچاوی هەڵبژاردەی عێراقی کردووە، ڕازی شنێشـــل تەمەن ٤٤ ســـاڵە، کاتێك یاریزان بوو لـــە یانەکانی زەورا و قوە جەوییە یاریکردووە، دواتر وەکو یاریزانی پیشـــەگەر یاری بۆ یانەکانی غەرافە و قەتەر و ســـەدی قەتەری و شارقە ئیماراتی، هەروەهـــا یاری بۆ گشـــت هەڵبژاردەکانی عێراق کردووە، پاشـــان کە وازی لە یاریکردن هێنـــا ڕووی لە بواری ڕاهێنەرایەتی کرد بووە ڕاهێنەری یانەی قوە جەوییە و توانی لە یەکەم وەرزی دا بگاتە یاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق پاشـــان بووە ڕاهێنەری یانەی زەورا توانی لەگەڵ ئەم یانەیەش بگاتە یاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق، پاشـــان بووە ڕاهێنەری تیپی دووەمی قەتەری قەتەری بەڵام ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوام چونکە یەکێتی تۆپی پێی عێراق وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق دەست نیشانی کرد، ڕازی شنێشل کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی تەواو کردووە، ئێستا هەڵبژاردەی عێراق خۆی پاڵەوانیەتی جامی کیشـــوەرکان ئامادە دەکات لە هەمان کاتیشـــدا ڕاهێنەرێکی تازە بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەست نیشان کراوە ئەویش بۆرا میلۆتۆنۆفیچی سربیە، ئێمەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ یاریدەدەری ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق ڕازی شنێشـــل ســـازبدەین کە تایبەتە بە گۆڤاری گوڵان.**

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی
rebin1985@yahoo.com



*** چـــۆن دەڕوانیتە دەســـت نیشـــان کردنی بۆرا میلۆتۆنۆفیـــچ وەکـــو ڕاهێنـــەری هەڵبژاردەی عێراق؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت هەنگاوێکی زۆر باشە، بەڵام ئەم هەنـــگاوە زۆر درەنگ بوو دەبوایە زووتر بۆندیان لەگەڵ مۆربکردبایە، چونکە لەم ماوەیە پێویستمان بە ڕاهێنەرێکی ئاست بەرز هەبوو، و نابێت شکستەکەی ڤێـــرا ببێتە پێوەر بۆ ئـــەوەی بڵێین ڕاهێنەری بیانی ســـوودی بۆ هەڵبژاردەی عێراق نییە، بە پێچەوانەوە ڕاهێنەرێکـــی وەکـــو بـــۆرا دەتوانـــی بـــۆ دوارۆژ هەڵبژاردەیەکی زۆر بەهێزت بۆ پێك بهێنێت گەر هاتوو دەرفەتێکی باشی بۆ برخسێ، بۆرا دەتوانی لە ماوەی مانگێکدا هەڵبژاردەی عێراق بۆ جامی کیشوەرەکان

ئامادە بکات، چونکە ڕاهێنەری چەندین هەڵبژاردەی جیهانی بووە.

*** ئەی سەبارەت لێدوانی بۆرا میلۆتۆنۆفیچ کاتێك کە ڕاگەیاند کەوا هەڵبژاردەی عێراق دەگەیێنێتە قۆناغی دووەمی جامی کیشوەرەکان؟**

- ئەوە دەبێتە متمانەیەکی بەهێز بۆ ئێمە، هەروەها ئەم ڕاهێنەرە دیارە متمانەی بەخۆی هەیە بۆیە ئەم لێدوانەی داوە، چونکە بۆرا شارەزایەتی لەسەر تۆپی پێ عێراقی هەیە.

*** دەڵێن ڕازی شنێشل زیاتر حەزی دەکرد جەمال دین میلۆسۆفیچ ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق؟**

- من پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ جەماڵ دین میلۆسۆفیچ هەبوو، چونکە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ ئەم ڕاهێنەرە کارم کردووە، هەر چەندە ئەوە نابێتە هۆکارێك کەوا کارەکانم لەگەڵ بۆرا میلۆتۆنۆفیچ بە باشی ئەنجام نەدەم، بە پێچەوانەوە دوای هاتنی ئەم ڕاهێنەرە من دەبمە دەستە ڕاستەی بۆرا بۆ ئەوەی بەیەکەوە بتوانین هەڵبژاردەیەکی بەهێز پێك بینین.

*** ئایا تا چەند ڕاستە پشتت بە یاریزانە پیشەگەرەکان نابەستیت لە جامی کیشوەرەکان و زیاتر بایەخ بەو یاریزانانە دەدێت کە لە خولی عێراق یاری دەکەن؟**

- ئەمە ڕاست نییە، بەڵام لە عێراق باوەڕیان وابوو کەوا دەتوانن هەڵبژاردەیەکی بەهێز لەو یاریزانانە پێك بێت کە لە خولی پلە نایابەکانی عێراق یاری دەکەن لە هەمان کاتیشدا ترسێك هەبوو کەوا بە دوورخستنەوەی یاریزانە پیشەگەرەکان هەڵبژاردەی عێراق ئاستی وەکو پێویست نابێت، بەڵام لە قۆناغی یەکەمی ئامادەکردنی هەڵبژاردەی عێراق زیاتر بایەخمان بەو یاریزانانە دا کە لە خولی عێراق یاری دەکەن و چەند گۆڕانکاریەکمان ئەنجام دا کە تیایدا توانیمان یاریزانی یەدەگ ئامادە بکەین بۆ هەموو کاتێك، چونکە یاریزان لە هەر کاتێك بێت ڕەنگە تووشی پێکان بێت لە قۆناغی دووەم چەند یاریزانێکی پیشەگەرمان بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرد، بەڵام ئێمە بەشداری لە جامی کیشوەرکان بکەین بە بێ یاریزانانی پیشەگەر ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە چونکە ئێستا یاریزانی پیشەگەری باشمان هەیە و لە ئامادە باشی دایە و یاریزانی بە توانامان هەیە لە خولی عێراق یاری دەکەن ئەوانیش لە ئامادە باشیدان دەتوانین بە هەردووکیان هەڵبژاردەیەکی باش پێکبهێنین.

*** لە یەکەم لێدوانت ڕاتگەیاند کەوا کەس شوێنی سەرەکی لە هەڵبژاردەی عیراق مسۆگەر ناکات بە تایبەتی یاریزانە پیشەگەرەکان، ئێستاش بۆرا بووە ڕاهێنەر گەر هاتوو ئەو زیاتر پشتی بە هەمان ئەو ناوانە بەست کەوا لە جامی کەنداو تووشی شکست هاتن، بڕیاری تۆ چ دەبێت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت هەموو بیروبۆچوونێك وەك یەك نابێت، ئەو ڕاهێنەری سەرەکییە، ئێستا هەندێك یاریزان هەیە هەموو خەڵك دەزانێت کەوا ئامادە نییە و لە زۆربەی یارییەکان لەگەڵ یانەکانی خۆیان یارییان نەکردووە و ئاستیان دابەزیووە، بەڵام گەر هاتوو ڕاهێنەر بۆرا گرنگی زیاتر بە ناوەکان بدات نەوەك بە ئاستیان و بایەخ بە یاریزانی خولی عێراق نەدات من کاردانەوەم لە کات و ساتی خۆی دەبێت، بەڵام ئێستا هەندێك یاریزانی پیشەگەر هەیە زوڵمی زۆر لێکراوە لە هەڵبژاردەی عێراق هەرچەندە ئاستی زۆر باشە، بۆیە دەبێت دەرفەتێکی تەواو بدەینە ئەم یاریزانە پیشەگەرانە لە هەمان کاتدا نابێت یاریزانی خولی عێراقیش لە یاد بکەین، بەڵام من پەلە ناکەم دانیشتنێکم لەگەڵ بۆرا هەیە سەیری ئەو ناوانە دەکەم کەوا بۆرا ئامادەی کردووە ئایا ئەم یاریزانانە ئامادەن یاخود نا.



**چیاوەر خەندان کێشەی لەگەڵ یانەی هەولێر هەبوو بۆیە لە هەڵبژاردەی عێراق دوورخرایەوە**

*** هۆی چ بوو کێشەت لەگەڵ یاریزان یونس مەحمود هەبوو لەم ماوەیدا؟**

- هیچ کێشەیەکم لەگەڵ یونس مەحمود نییە ئەمە لە راستی دوورە، بەڵام من رام گەیاندووە بۆ گشت یاریزانە پیشەگەرەکان کەس نەڵێت شوێنم لە هەڵبژاردەی عێراق مسۆگەرە جا هەر یاریزانێك بێت یونس یان نەشئەت ئەکرەم یان هەر یاریزانێکی تر ، هەروەها کەس باسی کاپتنی نەکات، با یەکەم جار شوێنی خۆی لە هەڵبژاردەی بکاتەوە ئینجا باسی کاپتنی بکات، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ هیچ یاریزانێك نییە، ئەو یاریزانەی دەیەوێت لێدوان بدات و قسان بکات، ئەوەی کێشەی من نییە.

*** ئایا دوورخستنەوەی خەلدون ئیبراهیم و موسلم موبارك لە هەڵبژاردەی عێراق بە یەك جاری دوورخرایەوە؟**

- نەخێر کۆتایی نییە رەنگە جارێکی تر بانگهێشت بکرێنەوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق، راهێنەر بۆرا یانەی هەولێر بینیوە بۆیە رەنگە هەندێك یاریزانی تر بانگهێشت بکاتەوە لەوانەیە خەلدون ئیبراهیم و موسلم موبارك بانگهێشت بکاتەوە من هیچ کێشەم نییە لەگەڵیان.

*** ئایا پرۆگرامی بۆرا چییە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق لە بۆ جامی کیشوەرەکان؟**

- ئەگەر من لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق وەکو راهێنەر بەردەوام بام ئەو کات چەندین یاری دۆستانەم لەگەڵ هەڵبژاردەکان ئەنجام دەدات تەنیا بۆ ئەو یاریزانانەی کە لە خولی عێراق یاری دەکەن، چونکە ئەو یاریزانان زۆر پێویستیان بەم یارییانە هەیە، بەڵام بۆرا رەنگە بیروبۆچوونی لەگەڵ من جیاوازی هەبێت چونکە دەڵێت یاریزانەکان هەڵدەبژێرێت دواتر ئۆردوگایەکی مەشق دەکاتەوە پاشان چەند یارییەکی دۆستانە ئەنجام دەدات و بەشداری ئەم پاڵەوانێتیە دەکات ئەمەش بۆچوونە.

*** ئایا بەردەوام بوونی خولی عێراق سوودی بۆ هەڵبژاردەی عێراق هەیە؟**

- ئەگەر هاتوو کاریگەری لە ئامادەکردنی هەڵبژاردەی عێراق کرد من پێم باشە خولی عێراق رابوەستێ، بەڵام باوەڕ ناکەم کاریگەری لەسەر ئامادەکردنی هەڵبژاردەی عێراق بکات بە هیچ شێوەییەك، چونکە لە هەر یانەیەك دوو یاریزان یان سێ یاریزان بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق دەکرێن و بە بریاری یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەر یانەیەك چوار یاریزانی لە هەڵبژاردەی عێراق یاری بکات ئەوە یاری لە خولی عێراق بۆ دوا دەخرێ، بۆیە دەبێ هەمووان بیر لە هەڵبژاردەی بکەینەوە، بەڵام ئێمە وا ناکەین کە کاریگەری لە یانەکان بکات.

*** هۆی دوورخستنەوەی ئەو یاریزانانەی کە لە ئەورووپا یاری دەکەن چی بوو؟**

- ئەوەی راستی بێت هەردوو یاریزان چیاوەر خەندان و مستەفا حەسەنێن دوو یاریزانی یەکجار باشن، بەڵام هۆی دوورخستنەوەی چیاوەر خەندان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا یاریزانی ناوبراو کێشەی لەگەڵ یانەی هەولێر هەبوو و یانەی هەولێری جێهێشت بۆیە تەنیا مەشقی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق دەکرد لە هەفتەی سێ رۆژ ئەمەش کەمە، چونکە دەبێ یاریزان لە یارییەکان بەشداری بکات هەتا ئاستی راستەقینەی بە دیار بکەوێت بە هەمان شێوە مستەفا حەسنێن هەمان کێشەی چیاوەری هەبوو و تەمەنیشیان بچووك بوو.

*** پەیوەندیت لەگەڵ راهێنەرەکانی عێراق چۆنە؟**

- من پەیوەندیم لەگەڵ گشت راهێنەرەکان زۆر باشە بەڵام حەز دەکەم ئەم پرسیارە لە راهێنەرەکان بکەی چونکە ئەوان دەتوانن وڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، چونکە من جیاوازی لە نێوان یانەکان و راهێنەرەکان ناکەم بە یەك چاو سەیریان دەکەم.



**ڤالنیتنا عەبدولرەحمان سەرپەرشتاری تیپی پایسكیل سواری كچانی یانەی برایەتی:**

# یاری پایسكل سواری فەرامۆش كراوە



له دایك بووی ساڵی (١٩٧٥) هەولێره دەرچووی كۆلێژی ئادابە بەشی مێژوو ماوەیەكە لەگەڵ تیپی پایسكیل سواری كچان یانەی برایەتی وەكو سەرپەرشتیار كار دەكات و خاوەنی چەندین ئەنجامە لەگەڵ یانەی برایەتی، ئێمە بە باشمانزانی لە نزیكەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ ساز بدەین.

دیمانە: كارزان كانەبی

*** ئاستی یاری پایسكیل سواری چۆن دەبینی لە كوردستان؟**

- تا رادەیەك دواكەوتووە و یانەكانیش گرنگی پێ نادەن تەنیا یانەی هەولێر نەبێت كە بایەخێكی تەواو بەو یارییە دەدات، بەڵام تا ئێستا تیپی كچانی نییە، بۆیە تا یانەكان بایەخ بەم وەرزشە نەدەن ئەو یارییە پێش ناكەوێ.

*** ئەی كچان چۆن بەشداری یاری پایسكیل سواری دەكەن؟**

- ساڵانی پێشتر یاریزانی كچان زۆر كەم بوو، بەڵام ئەم ساڵ زیادی كردبوو لە چاو ساڵانی رابردوو ژمارەیەك یانەی نوێ هاتبوون بۆیە بەشداری كردن لە پاڵەوانەتیەكان باشتر بوو.

*** كچانی وەرزشكار رێگرییان لێ ناگیرێت بۆ پاڵەوانیەتی دەرەوە لە لایەن خانەوادەكانیان؟**

- هەندێك جار لە ماڵەوەی كچەكان رێگەیان پێ دەدرێ بۆ ئەوەی بەشداری پاڵەوانەتییەكان بكەن، بەڵام بۆ پاڵەوانیتیەكانی دەرەوە رێگای پێ نادرێ وە كاریگەری دەرونی و دەركی هەیە، یاریزانی وامان هەیە لە ئاستی هەڵبژاردەی عێراقە كەچی لە ماڵەوە رێگای پێ نادەن لە پاڵەوانەیەتی عەرەب بەشداری بكات.

*** لە یاری پایسكیل سواری كێشە و گرفتی ئێوە چییە؟**

- كێشە و گرفتمان زۆرە وەكو كێشەی كۆمەڵایەتی و هەروەها نەبوونی رێگایەكی تایبەت بە مەشق كردن لە یانەكانیش بە پێ پێویست هاوكاری ئەو یارییە ناكەن وەكو تۆپی پێی و هەروەها لە لیژنەی ئۆڵۆمپی زیاتر گرنگی بە یارییە كۆیەكان دەدرێت و گرنگی بە یاری پایسكیل سواری نادرێت.

*** كەواتە لیژنەی ئۆڵۆمپی بە كەمتەرخەم دەزانی بەرامبەر بە یاری پایسكیل سواری؟**

- رەنگە وابێت.

*** لە یانەكەتان پشتگیری یاری پایسكیل سواری دەكرێت؟**

- ئەگەر پشتگیری نەكرابایە، تیپی پایسكیل سواری لە یانەی برایەتی دانەدەندرا.

*** ئایا گشت یاریزانەكانتان یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقن؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە (٣) یاریزانمان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت كراون.

*** باشترین ئەنجامەكانی یانەی برایەتی چییە؟**

- ئێمە پاڵەوانی عێراق و كوردستانین.

*** یەكێتی پایكسیل سواری كوردستان تا چەند هاوكاری یانەكان دەكات؟**

- بێ گومان خزمەت دەكات، بەڵام پێویستە خولی زیاتر بكاتەوە و یانەكان هان بدات و تیپی پایسكیل سواری دروست بكەن، هاوكاری یانەكان و یاریزانی ئەم یارییە بكات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- سوپاستان دەكەم بۆ هاوكاری كردنی یانەی برایەتی و بەسەركردنەوەی یانەكەمان.

## ڤیرۆن:

# تاقیکردنەوەم لەگەڵ چێڵسی ناخۆشترین ساتم بوو



تا ئێستا ئەستێرەی ئەرژەنتینی خوان سباستیان ڤیرۆن یەکێکە لە نوێنەرەکانی ئەرژەنتینی لە کیشوەری ئەوروپا کە ماوەی (١٠) ساڵی تەواوە بە تۆڵەسەندنەوە و جیڤارا ناوزەندکراوە، ئەم یاریزانە تەنیا بۆ یانە ناودارەکان یاری کردووە و چەندین نازناوی بۆ بەدەستهێناوون لەوانە یانەکانی لازیۆ و ئەنتەرمیلان و پارما و مان یۆنایتد و چێلسی لە ساڵی نەوەتەکان چاودێران بە باشترین یاریزانی دروستکەریان ناودەبرد ماوەی دوو ساڵی رابردوو ئاستی بەرەو بەرزی گەڕایەوە و وای لە ئەفسانەی ئەرژەنتینی دیگۆ مارادۆنا کرد کە جارێکی دیکە بیگەڕێنێتەوە و ریزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێڵی ناوەڕاست ڕابگرێ سەرەڕای ئەوەی ڤیرۆن لە یاری لەگەڵ بۆلیڤیا بەشداری نەکرد کە تووشی گەورەترین شکست بوو لە مێژووی تۆپی پێی ئەرژەنتین و بە ئەنجامی (٦-١) گۆڵ دۆڕان، بۆیە گۆڤاری سوپەر ئەم دیمانەیە پێش ئەو یارییە لەگەڵ ڤیرۆن ئەنجامدا ئێمە لەبەر گرنگی بەباشمانزانی لە لاپەرەی فایلی وەرزشی بڵاوی بکەینەوە.



*** وای بۆ دەچی ئەو کاتەی بۆ یانەی لازیۆ یاریت دەکرد باشترین کاتت بوو؟**

- بەڵێ، ئەمە باشترین و جوانترین کاتم بوو لە کاتی پیشەگەریم لە ئەوروپا و هەلم بۆ رەخسا کە توانیم چەندین جام بە دەست بهێنم لە خولی ئەوروپا گرنگ لای من ئەوە کە توانیم شتێك پێشکەش بەو یانەیە بکەم و گرنکترین لەمە ئەوە بوو کە یانەی لازیۆ توانی من بە جوانترین شێوە پێشکەش بە تۆپی پێی ئەوروپا بکات و ئەمەش خالی یەکەمی سەرکەوتنم بوو.

*** ئەی تاقیکردنەوەت لەگەڵ یانەی پارما؟**

- تەنیا بۆ یەکساڵ یاریم کرد و دوو جار نازناوی جامی ئیتاڵیامان بە دەستهێنا کە یەکەمین نازناوم بوو کە لە ئەوروپا بە دەستم هێنا بوو.

*** کام یانە لای تۆ خۆشەویستترە؟**

- یانەی لازیۆ کە توانیمان خولی یانەکانی ئیتاڵیا بەرینەوە ئەمەش شتێکی زۆر زەحمەتە بەهۆی بوونی چەندین یانەی زلهێز وەکو یانەکانی یۆڤانتس و ئای سی میلان و ئەنتەر میلان، ئێمە نازناوەکەمان بردەوە سەرەڕای ئەوەی پاڵێوراو نەبووین بۆ ئەم نازناوە.

*** ئەی بۆ یانەی مانچستەر یۆنایتد چی دەڵێیت؟**

- یانەی مانچستەر یۆنایتد لە هەموو رووێکەوە دەزگایەکی تەواوە هەموو شتێك بە فەرمی و بەرێك و پێکی کاری پێ دەکرێ و گشت کارمەندانی سنووری کاری خۆیان بۆ دیاری کراوە و ناتوانن زیادەڕۆی بکەن و بەباشترین یانەی دەزانم لە ئەوروپا و جیهان، بەڵام ئەو کاتەی من بۆ ئەو یانەیە یاریم دەکرد هەلی تەواویان بۆ نەڕەخساندنم کە توانای خۆم پێشکەش بکەم و سەرەڕای ئەوەی ئەزموونێکی باشم وەرگرت و ئەوەش لەبیر ناکەم کە توانیمان خولی یانە پلە نایابەکانی ئینگڵتەرە بەدەست بهێنین کە ساتێکی زۆر خۆش بوو.

*** راهێنەر ئەلێکس فێرگسۆن چەند جارێك بە باشترین راهێنەر دەرچووە تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت کە لە ژێر دەستی ئەو یارییت کردووە؟**

- کەسایەتیەکی جیاوازی هەیە و بەهێزە و توندە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ یاریزانەکان و لە دەست نیشانکردنی یاریزانەکان و مۆرکردنی

بۆند زۆر سەرکەوتوو بوو و کاتیشی بۆ یاریزان دیار دەکرد کە ماوەی چەنــد لەو یانە یاری دەکات لەگەڵ خودی خۆم مامەڵەی زۆر باش بوو و بە بەردەوامی بەراشــکاوی هەڵســکەوتی لەگەڵمدا دەکرد، بە رای من ئەمەش هۆکارێکی زۆر گرنگە لە تۆپی پێی.

*** ئەی یانەی چێلسی؟**

- زۆر لەگەڵیــان بــەردەوام نەبــووم، ئــەو کات یانەی چێلســی بــە بارودۆخێکــی دارایی خراپ دەرۆیشــت پێــش هاتنی رۆمان ئیبراهیمۆڤیچ، کاتێکی زۆر یاریم بۆ نەکردن و تووشی پێکانی پشت هاتم و بۆ ماوەی حەوت مانگ دوورکەوتمەوە و ســەرەڕای ئەوەی زۆریش نەمامەوە، بەڵام یادەوەری خۆشم لەگەڵیان هەیە.

*** ئەی رۆمان ئیبراهیمۆڤیچ؟**

- تــازە بوو لە نێو دونیای تۆپی پێی و هیچی لێ نەدەزانی، بەڵام پرس و رای بە خەڵکانێك دەکرد و زۆر ســوودی بۆ یانەی چێلســی هەبوو لە رووی داراییەوە و توانی یانەیەکی بەهێز دروســت بکات و رکابەری یانەکان بکات کە لە هەر پاڵەوانیەتیەك بەشداری بکات.

*** ئێستا لە یانەی ئیستیودانتسی ئەرژەنتینی یاری دەکەی و چۆن ئەو ماوەیە توانیت لە ئەوروپا یاری بکەیت؟**

- ماوەیەکــی زۆر لە وڵاتی خــۆم دوورکەوتمەوە و زیاتر لە (١٠) ساڵ وەکو پیشــەگەر لە ئەوروپا یارییم کرد و نوێنەرایەتی چەندین یانەی بەناوبانگم کرد و ئینجا ئەو هەلەم بۆ رەخســا جارێکی دیکە دوای غەریبی (١٠) ساڵ بگەرێمەوە وڵاتی خۆم و حەزیشم لێ بوو لەنێو کەس و کارم و شــوێنی لە دایکبوونم یاری بکەم دوای ئەوەی ئەو شــتانەی ویستم لە ئەوروپا بە دەستم هێنا بۆیە بەراشکاوی دەڵێم رێزو سوپاسم بۆ ئەو یانانەیە یارییم بۆ کردوون چونکە لە هەر یانەیەك ئەزمونێك فێربووم و یادوەرییەکی باش و پەیوەندییەکی رێزلێنانم پەیدا کرد و ئێســتاش متمانەم بەخۆم هەیە ئەوەی لە ئەوروپا پێشکەشــم کردوو لە یانەی ئێســتام پێشکەشی بکەم و بتوانم هاوکارییان بکەم و بەهیوای ئەوەشم تا وازهێنانم لەو یانەیە یاری بکەم.

*** هەســت بەچی کرد ئەو کاتەی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین یاریت دەکرد؟**

- یەکێکم لەو یاریزانانەی کە چانســی یاوەرم نەبوو لە یاریکردن لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و هەلی وام بۆ نەرەخســا کە خۆم بســەلمێنم و هیچ نازناوێکم بە دەســت نەهێنا و دوو تاقیکردنەوە بوو یەکێکیان شــیرین و ئەوەی دیکەش تاڵ بوو هیوادارم شــتی باشتر بە دەست بهێنم.

*** رات بە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و دیگۆ مارادۆنا چییە؟**

- شتی زۆر باشی کردووە و دەرگاش بەرامبەرمان کراوەیە کە بتوانین شــتێك بە دەســت بهێنین و چەندین یاریزانی باشی و دەستەیەکی هونــەری لێهاتوومان بە ســەرۆکایەتی دیگــۆ مارادۆنا هەیە کە نیاشانەیەکی پڕشــەنگدارە لە مێژووی ئەرژەنتین و جیهاندا، هەموو نیشانەیەکی سەرکەوتنمان لێ بەدی دەکرێ و بۆیە دەمانەوێ ببینە یەکێك لە باشترین هەڵبژاردەکانی جیهانی، مارادۆنا زۆر گرنگی بە لایەنی هونەری دەدات.

*** چی دەڵێیت لە بارەی لیونێل میسی؟**

- خوێندنەوەیەکی باشــم هەیە و دەڵێن یاریزانێکی هوشیارە و دەنگی لەســەر کەس بەرزناکاتەوە و لەســەر خۆیە و گوێڕایەڵی راهێنەرە و ئاشــتی خۆشــی دەوڵی بۆ ئەمانەش دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی هونەری ئەم یاریزانە گرنگترین یاریزانێکی ئاست بەرزە و خــاوەن بەهرەیەکی بێ وێنە کە لاســایی کەس ناکاتەوە و دەتوانێ هەموو شــتێك لە یاریگا پێشــکەش بکات و شوێنی لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دابینکراوە و کارێکی باشــی لەســەر ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە هەیە و ئێمە پێویستیەکی زۆرمان پێ هەیە.

*** مارادۆنا وای بۆ دەچێ کە میســی دەتوانی لەو زیاتر پێشکەش بکات و زیاتر نازناو بباتەوە، ئایا تۆش لەگەڵ ئەو قسانەیت؟**

- ئەمە کارێکی زۆر زەحمەت و کەس نییە بگاتە ئاســتی مارادۆنا، ئاستی مارادۆنا جارێکی دیکە لەلای هیچ یاریزانێك دووبارە نابێتەوە، تۆپی پێی یاریزانی وەکو مارادۆنای لێ هەڵنەکەوتووە، راستە میسی هەندێ شتی هەیە مارادۆنا نەیکردووە، بەڵام میسی هەر میسییە و ناتوانین بەراووردی لەگەڵ مارادۆنا بکەین.

*** چ پلانێکت لەبەر دەستدایە دوای واز هێنانت؟**

- حــەز ناکەم کاری راهینەرایەتی بکەم و دەمەوێ ببمە ســەرۆکی یانەیــەك گەر هاتــوو لە بواری تۆپی پێی بــەردەوام بم و دەمەوێ ســوود لەو ئەزموونــە وەربگرم کە لە ســەرتاوە کۆمکردۆتــەوە و کاری راهێنەرایەتی تووشــی نەخۆشی و دڵەڕاوکێ دەکات من لەگەڵ یانەی ئێســتام وەکو بەرێوەبەری هونــەری کار دەکەم نــەوەك وەکو راهێنەر من حەز دەکەم ســوود بە یانەکەم بگەینم.

*** بۆچی ناتەوێ ببیتە راهێنەر؟**

- کارێکی زۆر زەحمەتە و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێ و غەمی زۆرە و خەڵکیش لێت زویر دەبێ و سەرەڕای ئەوەش پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر دەبێ کە لەوانەیــە هیچیش لە وەرزش نەزانن، زۆر لە یاریزانە بەناوبانگەکان دوای وازهێنانیان لــە کاری راهێنەرایەتــی ســەرکەوو نەبوون، من رابۆچوونی خۆم ناگــۆرم و روو لە بواری راهێنەرایەتی ناکەم زۆر کەســیش لەگەڵ ئەو رایەی منن.





